ICET
International Conference on Education & Teaching

هەلی فێربوون بۆ هەمووان

# چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردە و فێرکردن (ICET 2024)

# ڕێبەری قسەکەران

کۆنفرانسی ICET 2024 کۆنفرانسێکی ئۆنلاینە کە چالاکییەکانی تیشک دەخەنە سەر ناونیشانی **"پۆلی جیهانی: لە ئامێزگرتنی داهێنان و ئاڵنگارییەکان"**.

OFFICIAL PARTNERS:

IBBC
TOGETHER WE BUILD IRAQ
معاً نبني العراق

ICET
International Conference on Education & Teaching

STIRLING SCHOOLS

## چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پەروەردە و فێرکردن ICET 2024:

### 27-25 ـی تشرینی دووەم 2024

کۆنفرانسی ICET 2024 چالاکییەکی ڕاستەقینەیە کە وتاربێژان و گوێگران لە شوێنە جیاوازەکانەوە کۆدەکاتەوە. سیمینار و پێشکەشکردنەکان لەڕێگەی ڤیدیۆی پلاتفۆرمی کۆنفرانسەکەوە پێشکەشدەکرێن.

### ناونیشانی چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پەروەردە و فێرکردن ICET 2024:

### "پۆلی جیهانی: لە ئامێزگرتنی داهێنان و ئاڵنگارییەکان".

بەرەو هەموو جیهان وەک پۆلێک: گڵۆکەڵایزەکردنی فێرکردن و فێربوون و لە ئامێزگرتنی ئاڵنگارییە بەردەوام گۆڕاوەکان و داهێنان

بواری پەروەردە لە جیهانێکی هەمیشە گۆڕاودا لە دووڕیانی ڕەوتە جیهانییەکان و هەلومەرجە ناوخۆییەکاندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری دەبێتەوە کە پێویستیی بە خۆگونجاندن، و داهێنان و نوێگەری، و ئیرادەی بەهێز هەیە. گەشتی فێربوون بە سەرکەوتن و تەنگژەکان دەناسرێتەوە، هەروەها خۆفێرکردن (فێربوونی کەسیی) دەبێتە خاڵێکی جەوهەری و گرنگ کاتێک زیرەکیی دەستکرد (AI) و داهێنانە تەکنەلۆژییەکان پێناسەی فێربوون دەکەنەوە.



## خۆڕاگری وەک ڕێپیشاندەر:

ئاڵنگارییەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا بەربەستی نەبەزراو نین؛ بەڵکو دەرفەتی گەشەکردن، و گۆڕانکاری، و داهێنان و نوێگەریین. پێویستە دامەزراوە پەروەردەییەکان خۆڕاگری لەخۆبگرن، و ڕەچاوی ئەوە بکەن کە کرۆکی ڕاستەقینەی خۆمان بە چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئاڵنگارییەکان دەدۆزینەوە.

## نەرمی و گونجاندن

بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە داینامیکییەکانی فێرخوازانی ئەمڕۆ، دامەزراوەکان دەبێ نەرمی و گونجاندن لە خۆبگرن. هەبوونی عەقڵیەتێکی پێشکەوتووخواز لە ناو پەروەردەکار و قوتابییاندا، هانیان دەدات کە ئاڵنگارییەکان وەک دەرفەتێک بۆ فێربوون و گەشەکردن بڕوانن.

## تەکنەلۆژیا و گشتگیری

لەڕێی سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیاوە، پەروەردەکارانی ئێستا توانای دروستکردنی ژینگەی فێربوونی هەمەچەشن و گشتگیریان زیاترە کە خزمەت بە جۆر و توانا جیاوازەکانی فێربوون دەکات. بەم شێوەیە هەموو جیهان بۆمان دەبێتە پۆلێک کە لە ڕێگەی سەرچاوە جیهانییەکانەوە دەستمان پێیدەگات.

## خۆشگوزەرانی گشتگیر

خۆڕاگری تەنها پەیوەندی بە سەرکەوتنی ئەکادیمییەوە نییە؛ بەڵکو باشبوونی دەروونی (سایکۆلۆژی) و خۆشگوزەرانییش لەخۆدەگرێت. لەپێشینەگرتنی پشتگیریکردنی دەروونددرووستی و خۆشگوزەرانی بۆ قوتابییان و کارمەندان، زامنی ژینگەیەکی پەروەردەیی بەهێز دەکات. ڕێی بونیاتنانی خۆڕاگری و لەخۆگرتنی گۆڕانکارییەکان، دامەزراوە پەروەردەییەکان دەتوانن دڵنیابن لەوەی کە وەڵامدەرەوە و کاریگەر دەمێننەوە لە ئامادەکردنی قوتابییان بۆ ئاڵنگاری و ئاستەنگە ئاڵۆزەکانی سەدەی ٢١.

## خۆفێرکردن (فێربوونی کەسی)

"زیرەکیی دەستکردی دروستکەر (Generative AI)" ئەزموونەکانی فێربوون ڕێکدەخات و دەگۆڕێت لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی خواست و پێداویستییەکانی تاک (بەکارهێنەر)، و پێشکەشکردنی ڕێگاکانی فێربوونی کەسی، و دروستکردنی ناوەڕۆکی داینامیکی، و توانا فێرکارییە دەوڵەمەندکراوەکان. لەلایەکی دیکەوە، هێنانەکایەی هاوسەنگی لەنێوان تەکنەلۆژیا و کارلێکی مرۆڤدا زۆر گرنگ و پێویستە بۆ بونیاتنانی خۆڕاگری و ئامادەکردنی قوتابییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە سەرهەڵدەدەن.

کۆنفرانسی ICET 2024 بانگهێشتی پسپۆڕانی پەروەردەیی، و پەروەردەکاران، و ڕاهێنەران، و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی، و سەرکردەکانی کۆمەڵگە دەکات لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لە ڕێبازەکانی خوێندن، و پەرەپێدانی مەنهەج، و پەرەپێدانی پیشەیی تاوەکو پەرە بدەن بە نەرمی، و گونجاندن، و داهێنان و نوێگەری بۆ ئەوەی قوتابییان ئامادە بکەن بۆ ئاڵنگارییەکانی ئەمڕۆ و ئایندە. هەموو پێکەوە نەخشەڕێگەیەک بۆ تابلۆیەکی پەروەردەیی خۆڕاگرتر بونیات دەنێین، تابلۆیەک کە پەروەردەکاران و قوتابییان پێکەوە ڕووبەڕووی هەر ئاڵنگارییەک بە متمانە و ئیرادەیەکی بەهێزەوە ببنەوە.

کۆنفرانسی ICET 2024 بەدوای دەرفەت و تێڕوانینەکان دەگەڕێت کە گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستایان و سەرکردایەتی پەروەردەیی لەخۆ بگرێت و سەردەمێکی نوێ فەراهەم بکات بۆ یارمەتیدانی قوتابخانەکان و پەروەردەکاران بۆ بونیاتنانی خۆڕاگری و دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی نەوەی نوێ.





## تیشک:

پێویستە لە بابەت و پێشکەشکردنەکانی "ICET 2024"ـدا تیشک بخرێتە سەر پەروەردە و فێرکردن لە قۆناغی خوێندنی باخچەی منداڵانەوە هەتا ئامادەیی.

**پێویستە بابەتەکان جەخت لەسەر سێ ئامانجی سەرەکی بکەنەوە:**

- پەرەپێدانی ئەزموونی فێربوون لە ناو پۆلدا
- یارمەتیدانی مامۆستایان و ڕابەرایەتی قوتابخانە بۆ فراوانکردنی ئەزموونەکانیان.
- هاندانی گەشەپێدەرانی پەیڕەو و پۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئەوەی لێهاتووییەکانی ژیانی ڕاستەقینە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا جێگیر بکەن.

## پۆلێنەکان:

پێویستە سیمینارو پێشکەشکردنی بابەتەکان لە کۆنفرانسی ICET 2024 بەپێی ئەم پۆلێنانەی خوارەوەبن:

- ستراتیژییە گونجاوەکانی فێرکردن
- ئاوێتەکردنی تەکنەلۆژیا
- زیرەکیی دەستکرد لە پرۆسەی پەروەردە
- لێهاتوویی کار و کارامەییەکانی سەدەی 21
- خۆبەڕێوەبەریی فێرخواز و فێربوونی خودئاڕاستەکراو
- مامۆستایان وەک ڕاهێنەری فێربوون
- یەکسانی و گشتگیری لە فێرکردن و پەروەردە
- هۆشیاری ژینگەیی و کەشوهەوا
- کارلێک و پەیوەندی بەخێوکار-قوتابخانە
- پەروەردەی کەسایەتی (کاراکتەر)
- خۆشگوزەرانی دەروونی و دەروونددروستی
- پەروەردەی پێشوەختە
- سەرکردایەتی قوتابخانە
- گەشەپێدانی پیشەیی مامۆستا

## زمانەکان:

**لە کۆنفراسی (ICET)دا سیمینارەکان بە 3 زمان پێشکەشدەکرێن:**

- ئینگلیزی
- عەرەبی
- کوردی

## ماوە:

**کۆی گشتیی هەر سیمینارێک ماوەی 50 خولەک دەبێت:**

- 40 خولەک بۆ پێشکەشکردنی سیمینارەکە
- 10 خولەک بۆ پرسیارەکان

## فۆڕمی خۆتۆمارکردنی قسەکەر:

ئەو کەسانەی سیمینار پێشکەشدەکەن پێویستە لەڕێگەی وێبسایتی ICET فۆڕمی خۆتۆمارکردن پڕبکەنەوە. فۆڕمی خۆتۆمارکردن ئەمانە لەخۆدەگرێت: زانیاریی کەسیی پێشکەشکار، ناونیشانی سیمینارەکەی، پوختەی سیمینار و وێنەیەکی کەسیی پێشکەشکار.

https://icet.stirlingschools.co.uk/

لەگەڵ پڕکردنەوەی فۆڕمی خۆتۆمارکردن و پڕکردنەوەی زانیارییەکان، لیژنەی ئەکادیمی پەیوەندیت پێوەدەکەن بۆ پەسەندکردن و زانیاری زیاتر.

## پوختەکان (Abstracts)

قسەکەران پێویستە پوختەیەکی سیمینارەکەیان لە فۆڕمی خۆتۆمارکردندا پێشکەشبکەن. پێویستە پوختەکە لەنێوان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ وشەدا بێت.
باشترە پوختە بە زمانی پێشکەشکردنەکی بابەتەکە پێشکەش بکرێت.

## سیمیناری ئۆنلاین:

پێشکەشکردنی سیمینار لەڕێگەی ئۆنلاینەوە دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ گەیشتن بە گوێگران لەکاتێکدا نەتوانیت خۆت بە جەستە لە کۆنفرانسەکەدا بەشداربیت. ئەم شێوازە لە سیمینار دەرفەتی ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێت کە بە یارمەتی ئامرازە تەکنەلۆجییەکان سیمینارەکەت پێشکەش بکەیت.

لەکاتی سیمیناری ئۆنلایندا ئەو کەسەی سیمینارەکە پێشکەش دەکات شاشەکەی پیشانی ئامادەبووان دەدات و لەهەمان کاتدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئامادەبووان دەبینێت.

پێشکەشکردنی سیمینارە ئۆنلاینەکان لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنی مایکرۆسۆفت تیمەوە (Microsoft Teams) ئەنجام دەدرێن.

- پێویستە سیمینارەکان لەسەر شێوازی چوارچێوەی ICET ئامادە بکرێت.
- پێویستە سیمینارەکان بنێردرێن بۆ لیژنەی ئەکادیمیی ICET بۆ پێچداوچوونەوە لەڕێگەی ئیمەیڵی icet@stirlingschools.co.uk پێش بەسەرچوونی وادەی کۆتایی.
- لە هەموو دانیشتنێکدا سەرپەرشتیارێکی متمانەپێکراوی ICET ئامادە دەبێت بۆ:
  - هاوکاریکردنت لە پاراستنی کوالیتیدا بە چاودێریکردنی پرسیار و وەڵامی بەشداربووان.
  - دابینکردنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی تەکنیکی و چارەسەرکردنی کێشەکان.
  - بۆ هاوکاری کردنت لە ئامادەکردنی سیمینارەکەدا.

**بۆ ئەوەی دڵنیابیت لەوەی سیمینارە ئۆنلاینەکەت بە شێوەیەکی باش دەڕوات، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:**

- 15 خولەک پێش دەستپێکردنی پێشکەشکردنی سیمینارەکەت، ئۆنلاین بیت و ئامادە بیت.
- هێڵێکی ئینتەرنێتی خێرا و متمانەپێکراوت هەبێت.
- مایکرۆفۆن و کامێراکەت تاقیبکەیتەوە.
- سلایدەکانی سیمینارەکەت تاقیبکەیتەوە و دڵنیابیت لەوەی هەموو بابەتەکانی ناو سیمینارەکەت وەک نووسین و ئەنیمەیشن و ڤیدیۆ بە باشی کار دەکات.
- لە کاتی پێشکەشکردنی سیمینارەکەدا پێویستە کەشی چواردەورت ئارام بێت. ئەو ژوورەی هەڵیدەبژێریت پێویستە هەم بێدەنگ بێت و باکگراوندێکی باشی هەبێت. وە هەروەها باکگراوندێکی خەیاڵیت لەلایەن تیمی دیزاینی ICET بۆ دابیندەکرێت.

## پێشکەشکردنی دەستنووس - Manuscript:

هەروەها دەستنووسی (Manuscript) بابەتە پێشکەشکراوەکانی کۆنفرانسی ICET لە قسەکەران داوا دەکرێت کە لە بوڵێتینی ICET بڵاوبکرێنەوە. ICET Bulletin بڵاوکراوەی دوای کۆنفرانسی ICETـە کە ڕاپۆرتی کۆنفرانس و فۆڕمی دەستنووسی (Manuscript) پێشکەشکردنەکان لەخۆدەگرێت.

**دەستنووسەکان (Manuscript) دەتوانن هەریەک لەمانە بن:**

- پەیپەرێک،
- یان ئارتیکڵێک،

کە پێشنیارەکان، ئەنجامەکان، خشتەکان، وێنەکان، ژمارەکان و ئاماژەکان و سەرچاوەکانی لەخۆگرتبێت.

دەستنووسەکان (Manuscript) وردەکارییەکانی پێشکەشکردنەکان، یان کورتەیەک یان پوختەیەک دەخەنە ڕوو.

**هەر دەستنووسێک (Manuscript) پێویستە ئەمانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:**

- **پوختەیەک (Abstract)** – لەگەڵ تێڕوانینێکی کورت لە ئامانج یان ئامانجەکان، ئەنجامەکان و کاریگەرییەکانی توێژینەوەکە. پێویست ناکات لە 200 وشە زیاتر بێت.
- **پێشەکییەک (Introduction)** – پێدانی زانیارییەکی کورت بەڵام پەیوەندیدار لە پاشخانی توێژینەوەکەت/بابەتەکەت، لەوانەش بەیاننامەیەکی ڕوونی ئامانج (statement of purpose)، پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی پەیوەندیدار(literature review)، وەسفکردنی بەشداریکردنی بوارەکە، و ئامانجەکان یان پرسیارەکان.
- **شێوازەکان (Methods)** – پێشکەشکردنی وردەکارییەکان سەبارەت بەو شێوازانەی کە بەکارهێنراون، لەوانەش وردەکارییەکان سەبارەت بە هەر ڕێکارێکی نمونەگرتن، بەشداربووان، پێوانەکردن و شێوازەکانی شیکاری.
- **ئەنجامەکان (Results)** – وەسفکردنی دۆزینەوە سەرەکییەکان (داتا و شیکارییەکان) و دەرەنجامەکان لە پەیوەندی لەگەڵ پرسیارەکان یان ئامانجەکانی توێژینەوەکە، ئاماژەدان بە خشتەکان یان ژمارەکان (ئەگەر بەردەست بێت).
- **گفتوگۆ(Discussion)** – باسکردن لە دۆزینەوە و دەرەنجامە سەرەکییەکانی پەیوەست بە پرسیار یان ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی توێژینەوە، کاریگەرییە گرنگەکان لە پەیوەندی بە ئەدەبیات یان پراکتیکەکانی ئێستا، سنووردارکردن و کاریگەرییەکان بۆ پراکتیک.
- **ئەنجام و پێشنیارەکان (Conclusion and Recommendations)** – پێشکەشکردنی پێشبینییەکانی داهاتوو، یان دەرەنجام و پێشنیارەکان بۆ باشترکردنی ئەزموونی مەیدانی
- **سەرچاوەکان (References)**

دەقەکە دەبێت فۆنتی (Times New Roman 12 pt). دەبڵ سپەیس بێت (double-spaced). سنووری لاپەڕەکان 8 لاپەڕەیە.

باشترە پوختە (Abstract) بە زمانی پێشکەشکردنەکە پێشکەش بکرێت.

دەستنووسەکان دەبێت بنێردرێت بۆ پێداچوونەوە بۆ لیژنەی ئەکادیمی ICET لەڕێگەی ئیمەیڵی icet@stirlingschools.co.uk پێش ئەو وادەیەی کە دیاری کراوە.

## ئامادەکردن و مافی بڵاوکردنەوە:

پێویستە قسەکەران پابەندبن بەم مەرج و یاسایانەی لای خوارەوە کە سەبارەت بە ئامادەکردن و مافی بڵاوکردنەوە نووسراون:

- پێویستە وتاربێژ ئاماژە بە هەموو سەرچاوەیەک بکات کە بەکاریهێناوە. ICET بەرپرسیار نییە لە هەر کێشەیەکی مافی بڵاوکردنەوە ئەگەر ڕوویدات.
- بە پێشکەشکردنی پوختەیەک لە سیمینارەکە و تەواوی سیمینارەکە بۆ بڵاوبوونەوەی لە کۆنفرانسی ICET، پێشکەشکار ڕەزامەندی دەردەبڕێت لەسەر هەموو مەرج و یاساکانی مافی کۆپی کردن و بڵاوکردنەوە. ڕێکەوتنەکە ئەم مەرج و یاسایانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە.
- پێویستە لیژنەی ڕێکخستنی کۆنفرانسی ICET بتوانن ئەمانەی لای خوارەوە بەکاربهێنن:
  - پوختە
  - وێنەی پێشکەشکار
  - ناو و ناونیشانی پێشکەشکار
  - تۆماری ڤیدیۆیی کۆنفڕانسەکە

  بۆ گەشەپێدان و بازاڕکاری لەژێر ناوی (ICET)دا.

## بەروارە گرنگەکانی کۆتایی هاتن:

**17ی تشرینی یەکەم 2024:**

فۆڕمی خۆتۆمارکردنی قسەکەر: وادەی پێشکەشکردنی پوختە. دواى 3 بۆ 5 ڕۆژی کارکردن: ئەو پوختانەی هەڵبژێردراون نووسەرەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە

**دوای 3 بۆ 5 ڕۆژی کارکردن:**

ئەو پوختانەی هەڵبژێردراون نووسەرەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە.

**3010ی تشرینی دووەم 2024** وادەی کۆتایی بۆ پێشکەشکردنی سیمینار و دەستنووس.

## پەیوەندی:

icet.stirlingschools.co.uk
icet@stirlingschools.co.uk

هەلی فێربوون
بۆ هەمووان

International Conference
on Education & Teaching

icet.stirlingschools.co.uk
info@stirlingschools.co.uk

©هەموو مافەکان پارێزراون بۆ
کۆنفرانسی ICET 2024

International Conference
on Education & Teaching